بە سەرکایەتی سودانی... کۆبوونەوەیەکی تایبەت بۆ پەداچوونەوە بە دیزاین و دابەشکردنی جوگرافی پێژەی قوتابخانەکان



ئەمڕۆ یەکشەممە"محەمەد شیاع سودانی"سەرکی ئینجومەنی وەزیران، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرد بۆ بەدواداچوونی پەداویستییەکانی تەواوکردنی پێژەی (ئەدەبا) بۆ دروستکردنی قوتابخانەکان،و لە کۆبوونەوەکەدا ڕێنمایییدا بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پەداچوونەوە بە دیزاین،و تێچوو و نرخەکان، و ئامادەکردنی شێوازەکانی پارەدان، بەجۆرێک کە سەرکەوتنی فراوانی پێژەکە مسۆگەر دەستەبەربکات.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکۆماری لە ڕاگەیەندراوەکدا کە بە ئاژانسی هەواڵی عێراقی (INA) ناردوویەتی،تیایدا هاتووە : ئەمڕۆ یەکشەممە "محەمەد شیاع سودانی"سەرکۆماری، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرد بۆ بەدواداچوونی پەداویستییەکانی تەواوکردنی پێژەی (ئەدەبا) بۆ دروستکردنی قوتابخانە.

وەک لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: لە کۆبوونەوەکەدا، دەرئەنجامەکانی کۆبوونەوەی پێشوو کە لە ماوەی ڕابردوودا بەدیهاتووە تاوتوێ کران، و لەگەڵ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو دیزاینانەی بۆ قوتابخانەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و لایەنی وەبەرهێنەرەوە پێشکەش کرابوون،و جەختیش کرایەوە کە دیزاینەکان هاوتەریب بن لەگەڵ باشترین و پێشکەوتووترین مۆدێلە جیهانییەکان.

بەگورەی راگەیەندراوەکە : سەرۆک وەزیران،ڕێنمایی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کرد بۆ پێداچوونەوە بە دیزاینەو تێچوو و نرخەکان، و ئامادەکردنی شوازەکانی پارەدان،بەجۆرێک کە گونجاوترین سەرکەوتن بە پڕۆژەکە زامن بکات، و زۆرترین سوود لە پارە تێرخانکراوەکان وەربگیرێت و بە بەرزترین سوودی ئابووری و بەردەوامیی بە باخانەکانی قوتابخانە بپارێزرێن.

هەر بەگورەی راگەیەندراوەکە : لە کۆبوونەوەکەدا باسی بابەتی زۆییەکان و شوێنی قوتابخانەکان لە ناو شارەکان و دەوروبەریان کرا،بە شێوەیەک کە لەگەڵ دیزاینی قوتابخانەکان و دامەزراوەکانی بگونجێت، جگە لە شوازی باخانەکان بەپێی لێپێشینە و پێویستیی ناوچەکان.